حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية الادارة

# چۆنیەتی دەرکردنی بڕیاری کارگێری بۆ ڕێکخراوە کوردستانیە تازە دامەزراوەکان

١-بەنووسراوێکی فەرمی داواکاری پێشکەشی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکرێت بەمەبەستی پێدانی بڕیاری کارگێری

❖ (تێبینی: نموونەی نووسراوەکە لە لاپەرەی دووەمە)

٢-هێنانی وێنەیەک لە کۆنووسی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری کە پێویستە لە تۆماری بڕیارەکان تۆمارکرابێت و لەلایەن کەسانی دەسەڵاتدار بە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی واژوو کرابێت و هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری پێویستە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراو بێت.

❖ (تێبینی: نموونەی کۆنووس لە لاپەرەی دووەمە وە پێویستە دەستەی کارگێڕی لە سێ (٣) کەس کەمتر نەبێت)

٣-هێنانی وێنەیەک پەری یەکەم لە چوار تۆمارەکەی (سجل) تایبەت بە ڕێکخراو بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ بەم شێوەیەی خوارەوە: (ڕێکخراو لەسەریەتی چوار تۆماری بەو ناوانە هەبێت کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها دەبێ لەلایەن دادنوسیشەوە هەموو پەراوەکانی ئەرێ کرابێت)

-یەکەم: تۆماری ئەندامان: ناو، ناونیشان، تەمەن، رەگەز، پلەی خوێندن و ڕۆژی بوون بە ئەندام تۆمارکرابێت. (وێنەیەک لەناوەکانی گشت ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و دامەزرێنەر و....هتد) کە لەم سجلەدا تۆمار کرابێت)

-دووەم: تۆماری بڕیارەکان: بریتی دەبێت لە بڕیارەکانی هەریەکە لە دەستەی کارگێری ڕێکخراوەکە، دەستەی گشتی، ناوی ئەو کەسەی کە بەپێی پەیڕەوەکە نوێنەرایەتی ڕێکخراو دەکات،کۆنووس و بڕیارەکانیش لەلایەن دەستەی کارگێڕی یان کەسانی ڕێگەپێدراو(دەستەی دامەزرێنەر) بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەوە واژوو دەکرێت.

-سێیەم :تۆماری ژمێریاری: سەرجەم داهات و خەرجییەکانی رێکخراوی تێدا تۆمار دەکرێت.

-چوارەم :تۆماری بنەڕەت ( هەبووەکان):سەرجەم سامانی گواستراوە و نەگواستراوەکانی ڕێکخراوەکەی تیایدا تۆمار دەکرێت. دەبێت وێنەیەک لە لیستی هەبووەکانی ڕێکخراو لەگەڵ نووسراو هاوپێچ بکرێن.

❖ تێبینی /لاپەرەی یەکەمی تۆمارەکان کە ئاماژە بە ناوی تۆمارەکە،ناوی رێکخراوەکە لە لایەن دادنووس ئەری کراوە کۆپی دەکرێت

٤- کۆپیەک لە بڕوانامەی تۆماری ڕێکخراو.

٥- هێنانی وێنەیەک لە (کارتی زانیاری + کارتی نشتیمانی ( ناسنامەی باری شارستانی) ڕەنگاو ڕەنگی دەستەی کارگێری لە یەک ڕووی لاپەڕەیەکی ئەی فۆر، بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی شارەکانی ناوەراست و باشووری عێراقن کۆپی کارتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی (یەک ساڵی) بۆ کەسانی بیانی کۆپی پاسپۆرت(کارتی نشینگە ) .

٦-پلانی کار بۆ یەک (١) ساڵ.

٧-لیستی ناوی کارمەندانی ڕێکخراو( زانیاری سەبارەت بە پیشەی/ژمارەی مۆبایل/شوێنی نیشتەجێ بوون بە دروستی).

٨-گرێبەستی ئۆفیس (کرێ/مۆڵک/بەخشین)

❖ تێبینی/ ئەگەر ڕێکخراو کارمەندەکانی داهات و مووچەیان هەبێت پێویستە گرێبەستی ئۆفیس بهێنیت، ئەگەر کارمەندەکانی هیچ داهات و مووچەکیان نەبوو لە جیاتی گرێبەستی ئۆفیس دەبێت زانیاری تەواوی کارمەندەکانیان بهێنن و پیشکەشی فەرمانگەی بکەن.

٩- پێویستە سەرۆکی ڕێکخراو ئامادە بێت و گشت بەراییەکان (بە زمانی کوردی) پێشکەشی فەرمانگە بکات.

١٠--نووسراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندەکانیان (ئەگەر کارمەندی مووچەخۆری هەبوو).

١١- پێویستە هەموو پێداویستییەکانی دەرکردنی بڕیاری کارگێری بەشێوەی (PDF) لەسەر (CD) پێشکەش بە فەرمانگە بکرێت.

ناوی ڕێکخراو بە زمانی کوردی    لۆگۆی ڕێکخراو    ناوی ڕێکخراو بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی

ژمارە:    ڕێکەوت:

بۆ /فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

بابەت/تەواو کردنی بڕگە یاساییەکانی دوای تۆمارکردن

ئیمە وەک ڕێکخراوی ( )کە تۆمارین لە فەرمانگەی بەڕێزتان بە کۆدی( ) لە ڕێکەوتی ( ) داواکارین بە هۆی پابەنبوونمان بە گشت یاسا و ڕێنامییەکان بفەرموون بە نوێکردنەوەی بڕیاری کارگێری پەسەندکردنی دەستەی کارگێری ڕێکخراوەکەمان بۆ ساڵی ( )کە لەم بەڕێزانەی لە خوارەوە ناو و ناونیشانیان و ژمارەی مۆبایلیان هاتووە پێکهاتووە.

بواری کارکردنی ڕێکخراو: ( )

پارێزگا:

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشای کار | ژمارە مۆبایل |
|---|---|---|---|
| ١ | | سەرۆکی ڕێکخراو | |
| ٢ | | بەڕێوەبەری کارگێری/نموونە | |
| ٣ | | بەڕێوەبەری پرۆژەکان/نموونە | |
| ٤ | | | |
| ٥ | | | |

ناوی سیانی و واژووی سەرۆکی ڕێکخراو

مۆری ڕێکخراو بە شێوەی ڕەسەن

تێبینی:

١-ئەم کۆنوسی  بڕیارە (لە تۆماری بڕیارەکان دەنوسریت) دەبێت هەموو ساڵێک دووبارە بنوسرێتەوە چونکە لە دوای  ساڵێک بڕیار کارگێری بەسەردەچێت و دەستەی کارگێری ئاماژە پێکراوە لەم بڕیارە هەڵدەوەشێتەوە.

٢-دەبێت مۆری ڕێکخراو لە لاپەرەی ئەم کۆنووسە بدرێت.

## بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەرەوە  دیاریکراوە دۆسیەکەت وەرناگێرێت.